# The Prostate / باسێک لە سەر پرۆستات

گوڵاڵە پشدەری



## بەشی دووەم:

* شێوەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە
* سەردانی پزیشکی پسپۆر Urology

توێژینەوەکان:

1- پرسیار لە بارەی میزکردن
2- پشکنین لە ڕێگای کۆم Rectaal toucher
3- پشکنینی خوێن و میز boold&urine
4- پێوانی هێزی میز(چەندە بە گوور دێت) Uroflowmetrie
5- پشکنینی پەستان و کارکردنی میزڵدان و بۆری میز(میزدۆش): Urodynamic
6- بە ڕێگای سۆنۆگرافی Medical ultrasonography (Echo)
7- بە ڕێگای سەیرکردن Cystoscopy
8- پارچە هەڵگرتن Biopsy
9- سکەن کردنی ئێسکەکان Bonscan
10- سکەنی بەشبەش CT-scan
11- سکەن بە ئامێری موقناتیزی MRI-scen

### شێوەکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە:

The Uroloog کە پزیشکی پسپۆرە لە نەخۆشییەکانی تایبەت بە بەشی ئۆرگانی زایەندەیی ئافرەتان و پیاوان و ڕیگاکانی میزەڕۆ چ لە ئافرەتاندا و چ لە پیاواندا.
ئەم پسپۆرە هەندیک پرسیار لەبارەی کێشە و گرفتەکان ئاراستەی نەخۆش دەکات کە پەیوەستن بە تەندرووستی گشتی لە ئێستادا و لە ڕابردوودا.
بە درووست و بە ووردی وڵامدانەوە بە پرسیارەکان،یارمەتی پزیشک دەدرێت بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی.
هەروەها پشکنینێکی گشتی جەستە دەکرێت. زۆر جار هەندێک پشکنین و لێکۆڵینەوەی تایبەت ئەنجام ئەدرێن بۆ باشتر دۆزینەوەی نەخۆشی.پزیشک خۆی ئەزانێ کام پشکنین و توێژینەوانە پێویستن.

### پرسیار لە بارەی میزکردن

لەم کاتەدا بۆ ئەم مەبەستە پسپۆرەکان خشتەیەکی تایبەتییان دارشتووە بە پرسیاری تایبەت بە کێشەکانی میزکردن لەم نەخۆشییەیەوە، کە ئەم خشتەیە داڕێژراوە "نێودەوڵەتییە". لیستی ئەم پرسیارانە ، کە هەندێک پرسیار باری جۆری میزکردن دەگرێتەوە ئەبێ خۆت لیستەکە بە وڵامدانەوە پڕ بکەیتەوە. بەم شێوەیە پزیشک و بە گوێرەی وڵامەکان ئەتوانێت سەر لە نەخۆشییەکە دەر بێنێت و زۆر جاریش هەر پزیشک خۆی پرسیارەکان ڕاستەوخۆ ئاراستە

دەکات.بۆ نموونە لە کوردستان لەوانەیە پزیشک  پرسیار بکات ئەگەر میز ئەکەی جێگای میزەکەت تا چ ڕادەیەک  خاک قووڵ دەکات؟.
لە پەنای ئەوەشدا پزیشک لیستی تایبەت بە پرسیاری تایبەتەوە ئاراستە دەکات،کە ئەوە دوای ئەنجامی کردەوەی پشکنین و چارەسەرییەکە،بۆ ئەوەی بزانێت ئەنجامەکەی چی لێهاتووە.

## پشکنینەکان:

Rectaal toucher /  پشکنین بە ڕێگای کۆم دا

لە پشکنینی گشتی جەستەییدا هەمیشە پشکنین بە ڕێگای کۆم دا ئەنجام ئەدرێت  کە پزیشک بە پەنجە یی بە دەستکێش و چەور کراو ،لە ڕێگای کۆمەوە بەراوردی پرۆستات دەکات بۆ ئەوەی بزانیت  قەبارەی گەورەیی،شکڵ/شێوە، ڕەقی/ تووندی وشوێنی(بەرزی و نزمی) پرۆستات بزانێت.
ئەم پشکنینە ئاساییە و لە چەند چرکە زیاتری پێ ناچێت.
شێوازی ئەم پشکنینە بە چەند جۆر دەکرێت(داهاتنەوە،پاڵکەوتن/ڕاکشان لە سەر تەنیشت) و لە کاتێ ئەم پشکنینەدا هەست بە ئازار ناکرێت بەڵام کردەوەیەکی ناخۆشە  وەکو لە لایەن زۆر لە پیاواندا بەیان کراوە چۆنکە پەنجە بە ماسوولکەی کۆمدا ڕەت دەبێت کە ئەم ماسوولکەیە خۆی بە تووندی گرژو کۆ دەکاتەوە.

Rectal toucher



Blood & urine test /  پشکنینی خوێن-میز

خوێن وەردەگیرێت بۆ پشکنینی باری تەندرووستی بە شێوەیەک گشتی و بە تایبەتی بۆ دیاری کردنی کارکردنی گورچیلەکان.
هەروەها پشکنینی  خوێن بۆ مەبەستی دۆزینەوەی ئەم مادانەی کە نیشانەی تایبەت ئەدەن دەست بۆ هەبوونی کێشەی  نەخۆشییەکانی پرۆستات(PSA= Prostate Specific Antigen)
ئەم مادەیە ڕێژەکەی بەرز دەبێتەوە لە ناو خوێن ئەگەر پرۆستات؛ تووشی التهاب بووبێ، پرۆستات قەبارەی گەورە بووبێ و یان ئەگەر پرۆستات تووشی شێرپەنجە بووبێ.
پێوەرەکانی  PSA پەیوەستن بە تەمەن(سەیری ئەم خانەیە بکە/شکڵ).
بە گوێرەی  چوونە سەرەوی تەمەن و گەورە بوونی پرۆستات،ئەم مادەیەش ڕێژەی لە ناو خوێندا دەچێتە سەرەوە.

هەروەها میز پشکنینی لە سەر دەکرێت. هەندێک جاریش پشکنین لە سەر توخم/تۆو دەکرێت.

Normaal PSA

| | |
|---|---|
| 49-40 ساڵ | PSA< 2,5 ng/ml |
| 59-50 ساڵ | PSA<3,5 ng/ml |
| 69-60 ساڵ | PSA<4,5 ng/ml |
| 79-70 ساڵ | PSA<6,5 ng/ml |
| 89-80 ساڵ | PSA<8,5 ng/ml |

پشکنین بە شێوەی Uroflowmetry

لەم تاقیکردنەوەدا (بە ئامێری Uroflowmetry)مرۆڤ سەیری ئەوە دەکات کە تا چ ڕادەیەک میز بە هێز دێتە خوارێ و هەروەها ڕێژەکەی دەپێون.
پێش ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوە،پزیشک داوات لێدەکات کە میزڵدان ئەبێ پڕ لە میز بێت.




Urodynamic-test

ئەم تاقیکردنەوەیە پشکنینە بۆ پێوانی پەستان(زەخت) و کارکردنی میزڵدان و بۆڕی میز(میزدۆش).
لە هەندێک حاڵەتدا کێشەکانی میز ناگەڕێنەوە بۆ سەر پرۆستات کە گەورە بووە و لە سەر ڕێگادایە،بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ تێکچوونی میزڵدان و گەردەنەیی میزڵدان(دەروازەی میزڵدان).
ئەم توێژینەوە بە ڕێگای سۆندەیەکی زۆر باریک کە قەبارەکەی(2-3 mm) ئەستوورە ئەنجام ئەدرێت، کە ئەم سۆندەیە بە ڕێگای بۆڕی میزەوە دەبرێتە ناو میزڵدان. بە ڕێگای ئەم سۆندە باریکە پزیشک ئەتوانێت میزلدان پڕ بکات و دیسان خاڵی/ بەتاڵی بکاتەوە.لەم تاقیکردنەوەشدا پزیشک ئەتوانێت هێزی فڕێدانی میز بپێوێت.
لە ڕێگای ئەم توێژینەوانە هۆکاری ڕێبەستەکانی میز کە بە هۆی پرۆستات و یان کاری نائاسیی میزڵدان درووست بوون دەرئەکەون.
توێژینەوەکە بە ئازار نییە. بەڵام ئەم مادەیە ڕەنگییە/ شلەی کە کراوەتە ناو میزڵدا، بۆ ماوەیەکی کوورت تامێکی تاڵ و گەرم دەدات.ڕۆژێک پێش توێژینەوە دەرمانێک ئەبێ بەکار بهێندرێت بۆ ئەوەی ناو ڕیخۆڵەکان پاک بکاتەوە(مسهل)
یان Laxantiamiddel و هەروەها شەوی پێشتر نابێ خۆراک بخورێت.ئەگەر ناو ڕیخۆڵەکان پاک بن،ئەوە ڕێگەڕۆی میز باشتر دیار دەکات.

**(Echo) Medical ultrasonography/ توێژینەوە بە ڕێگای سۆنۆگرافی**

ئەم توێژینەوەیە بە ڕیگای مەوجەکانی دەنگ،کە ئۆرگانێک دێنێتە بەرچاو(سەر شاشە).
ئەم توێژینەوەیە هەم لە دەرەوەی جەستە لە ڕێگای پێستی زگەوە و هەروەها لە ناوەوە لە ڕێگای کۆمەوە دەکرێت.
لە ڕیگای زگەوە ئەتواندرێت گورچیلەکان و میزڵدان نیشان بدرێن.
هەروەها پزیشک دەتوانیت ببینێت کە دوای میزکردن چ ڕێژەیەک میز لە ناو میزڵدان دا دەمێنێتەوە.
لە ڕێگای چاولێکردنی ناوەوە ئەتواندرێت بە ڕێگای کۆم وکۆتایی ڕیخۆڵە گەورەیی،چۆنییەتی شێوەی پڕۆستات ببیندرێت.ئەم کردەوەیە لە ڕێگای ئامێرێکی باریک،کە بە بێ ئازار لە ڕێگای کۆمەوە دەبرێتە ناوەوە ئەنجام ئەدرێت.



*Inwendige echo van de prostaat*

## Cystoscopy

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێگای ئامیرێکەوە کە دەبرێتە ناو میزڵدان سەیر دەکرێت بۆ زانینی چۆنییەتی ڕێگای بۆڕی میز،گەورەیی بەشەکانی پڕۆستات (پێکهاتووە لە سێ بەش) و چۆنییەتی یان پێکهاتەی پەردەی ناو میزڵدان هەڵدەسەنگێنێت.
بۆڕییەکی باریک کە دەچەمێتەوە،ئامێری چاولێکردن Cystoscoop کە بە ڕێگای بۆڕی میزەوە دەنێردرێتە ژوورەوە.هەڵبەتە پێشتر مادەیەکی لینج بۆ لووسکردنی ئەم بۆڕییە بەکار هاتووە و هەروەها بۆ ئەوەی کە پەردەی ناو بۆری میز(میزدۆش) سڕ بکرێت.
ئەم ئامێرە دارایە(بریتیە) لە چاولێکەرێک(کامیرە) و ڕوناکی کە بەم شیوەیە پزیشک لە ڕێگای بۆڕی میزەوە،ئەتوانێت ناو پڕۆستات و میزڵدان سەیر بکات.
بە ڕێگای Cystoscoop وە میزڵدان پڕ دەکرێت لە هەندێک ئاوی ستریل(پاک) بۆ ئەوەی پزیشک بتوانێت باشتر ناو میزڵدان ببینێت.

دوای ئەم توێژینەوەیە لەوانەیە هەست بە وە بکەی کە زوو زوو میزت دیت بەڵام ئەم هەستە دوای چەند کاتژمێرێک لە خۆیەوە نامێنێت.




## Biopsy

هەندێکجار پێویست دەکات کە توێژینەوە لە سەر شانەی پرۆستات بکرێت ئەوەش بە هەڵگرتنی چەند پارچەیەک لە شانەی پرۆستاتە.
پارچەهەڵگرتن بە رێگای دەرزییەکی باریکەوە دەکرێت کە بە رێگای کۆتایی ریخۆڵەوە دەبرێتە ناو پرۆستات.
پزیشک بۆ بەرگەری لە "هەوکردن" /چلکی بوون دەرمانی دژ بە باکتریا ( antibiotica ) دەنووسێت.ئەم دەرمانە پێویستە پێش توێژینەوەکە بەکار بهێندرێت.
پارچە لێکراوەکان Biopsy دەخرێتە ژێر میکرۆسکۆپ تا لێی وورد ببنەوە.ئەمە بۆ مەبەستی زانین لە سەر ئەگەری شێرپەنجەیە.ئەنجامەکەی چەندین رۆژ دەخایەنێت(10-15 رۆژ).
دوای ئەم توێژینەوەیە مرۆڤ لەوانەیە خوێنی بەر بێت لە کاتێ میزکردندا،کاتێ پیساییکردن و یان کاتێ فرێدانی توخم/ Sperma .هەندێک جاریش لەوانەیە تا (گەرمای جەستە) بەرز بێتەوە تا رِداەی 38.5 گراد.
ئەگەر تا بەزبوو،پێویستە سەردانی پزیشک بکرێت.
پارچەهەڵگرتن ئەگەری بڵاوبوونەوەی شێرپەنجەی پرۆستاتی نییە،ئینجا ئەبێ بزانین کە لەم بارەوە بێ زیانە.

## Gradation

پایەبەندی

ئەگەر دوای لێکۆڵینەوەی میکرۆسکۆپی شێرپەنجەی پڕۆستات دەستنیشان کرا،ئینجا پایەبەندی (دەرەجە) دەکرێت و هەروەها پلەی "هاری/زیانمەندی" خانەکانی شێرپەنجەی پڕۆستات دەستنیشان دەکەن.

ئینجا مرۆڤ باس لە Differentiates-grade دەکات.

ئەگەر پایەی باش بێت،ئەوە شێرپەنجەی پرۆشتات درەنگتر گەورە دەبێت(پەرەپێساندن یان تەشەناکردن) تاکو پایەی تر کە هارە و زووتر گەورە دەبێت.

جۆرە پایەبەندییەکی تر پایەبەندی Gleason-score(2-10) .

### ئەم توێژینەوانەی خوارەوە کە ناو دەبرێن کاتێک ئەنجام ئەدرێن کە:

1) گوومان لە هەبوونی شێرپنجە بکرێت
2) ئەگەری بڵاو بوونەوەیی شێرپەنچە هەبێت و یان بە دواییدا بگەڕێن

### Bones-Scan

ئەم توێژینەوەیە وێنەی کاکوت/ تەواوی ئێسکەکانی مرۆڤ( Skelet ) کە 206 پارچەیە دەگیرێ و دەخرێتە بەرچاو.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە Isotop-Scan پێی ئەڵێن.لەم جۆرە پشکنینەدا ڕێژەیەکی زۆر کەم لە مادەی Radio-active بە ڕێگای بۆڕی خوێنەوە لە جەستە دەدرێت،ئینجا ئەم مادەیە خۆی دەگەیەنێتە سەر ئەو شوێنانەی کە شێرپەنچەی تێدا بڵاو بۆتەوە دادەنیشێت.بەم شێوەیە بڵاوبووەکان دەردەکەون.

لەم توێژینەوەیە دا ،دوای لێدانی مادەکە لە جەستە ماوەی چەند کاتژمێرێک دەخایەنێت تا ئەم مادەیە دەگاتە سەر تەواوی ئێسکەکان،ئینجا دوایی دەست بە وێنەگرتن دەکرێت.

ڕێژەوی ئەم مادە رادیۆ ئەکتیڤە زۆر کەمە و زیانمەندی بۆ جەستەی مرۆڤ و بۆ دەورووبەریش نییە.

### CT-Scan

Computer-Tomography کاتێک پێویستە کە زۆر بە ووردی لە وێنەکانی پڕۆستات بکۆڵنەوە .هەروەها زانیارییەکیش لە بارەی ئۆرگانەکانی تر و غودەلەمفاوییەکان ئەدات.

لەم تەکنیکەدا تیشکی X و کۆمپیۆتەر بەکار دێت.

زیاتر، پێشەکی مادەیەکی ڕەنگی تایبەت لە بۆڕی خوێنەوە دەنێردرێتە ناو جەستە؛ جاری وایە پێش گرتنی وێنەکان ئەبێ مادەیەکی شڵ کە شێوەی دۆشاوی خۆرما/ترێیە بخوڕێتەوە.

### MRI-Scan

Magnetic Resonance Imaging کە جاری وایە پێویستە بۆ زانیاری زۆر وورد و شاراوە کە بە توێژینەوەکانی تر نادۆزرێنەوە.

ئەم توێژینەوەیە بە هێزی موقناتیزی کار دەکات کە هەروەها  پێی ئەڵێن  Radio .
frequency energy

26 نۆڤەمبر 2007
هۆڵەندا
گوڵاڵە پشدەری
Goli-67@hotmail.com